وەزارەتی پەروەردە رونکردنەوەیەک بۆ پلەی ٩ و ١٢ باوکردەوە

وەزیری پەروەردەی هەرێم رووونکردنەوەیەك دەربارەی هەڵسەنگاندنی قوتابخانەکان، کە پلەی نەی بەدەستی و ١٢ـی ئامادەییان هێنە باوکردەوە و ئاماژەی بۆکرد، لە ئێستاوە هەموو ناوەندەکانی خوێندن دەتوانن ئەنجامی هەڵسەنگاندنی دەرکی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤ بۆ ٢٠٢٥ لە ئەپلیکەیشنی (ئی – هەڵسەنگاندن) ببینن.

ئەمڕۆ دووشەممە ، ئالان حەمەسەعید، وەزیری پەروەردەی هەرێم لە رووونکردنەوەیەکدا ووتی، لیژنەی باڵای هەمیشەیی تاقیکردنەوە گشتییەکان تایبەت بوو بە تاقیکردنەوەی نیشتیمانی پلەی ٩ـی بەدەستی و تاقیکردنەوەی وەزاری پلەی ١٢ـی ئامادەیی، وەزارەت پلەبەندی و شیکاری ئەنجامدا بە هەموو ئەو قوتابخانانەی کە پلەی نیەمی بەرهێنیان هەبوو.

ئاماژەی بۆشکردووە، لەوەو ئەو ئەنجامانە بە هەموو قوتابخانەیەک ڕادەگەیەنین لەناو ئەپلیکەیشنی (ئی – هەڵسەنگاندن) .

دەشێت، دوای تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمی پۆلی ١٢ـی ئامادەیی بەهەمان شێوە شیکاریی و پلەبەندی بۆ ئەنجامەکانی هەموو ئەو قوتابخانانە دەکرێت کە پۆلی ١٢ـی ئامادەییان هەیە.

جەختیشی کردووەتەوە، لە هەمانکاتدا لێئەستاشێوە هەموو ناوەندەکانی خوێندن دەتوانن ئەنجامی هەڵسەنگاندنی دەرەکی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ لە ئەپڵیکەیشنی (ئی – هەڵسەنگان)) ببینن.